وەرزش

334

SPORT

www.werzish.150m.com

ژمارە (٣٣٤) چوارشەممە ٢٠٠٤/٨/١١ ٢٧٠٤ی کوردی ٤ لاپەرە نرخی (١٥٠) دینارە

Wednesdy 11 / 8 / 2004



دوو یاریزانی هەولێر لەریزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی دووەمی عێراق

لەم رۆژانەی رابردوو ناوی سەرجەم یاریزانانی هەڵبژاردەی دووەمی عێراق لەتۆپی پێ راگەیەندرا کە ئێستا لە ماوەی نێوان ٨ تا ٢٠٠٤/٨/١٩ لەئۆردوگایەکی مەشق دان لەشاری دیمەشقی پایتەختی وڵاتی سوریا، بەمەبەستی بەشداریکردن لەیارییەکانی ئۆلۆمپیادی عەرەبی کە بریارە لەمانگی داهاتوو وڵاتی جەزائیر میوانداری بکات. لەنێو پێکهاتەی ئەم هەڵبژاردەیەدا دوو یاریزانی شاری هەولێر هەن، ئەوانیش هەریەکە لە (دیدار حامیدی گۆڵچی و مۆفەق یونس)ن.

جێی باسە شاندی هەڵبژاردەی دووەمی تۆپی پێی عێراق لەم راهێنەرو یاریزانانە پێکهاتووە، سەباح عەبدولجەلیل (راوێژکاری تیپ)، سائیر ئەحمەدو رەحیم حەمیدو کەریم سەلمان و حەبیب جەعفەرو ئەحمەد جاسم بۆ ئەرکی راهێنان، یاریزانەکانیش ئەمانەن:

مۆئەیەد خالید، عەلی نوعمان، ئەزهەر تاهیر، دیدار حامید، عەلا نیرۆز، مۆفەق یونس، ئەرکان نەجیب، باسم عەبدولحوسێن، یاسر عەبدولرەزاق، عیماد عۆدە، ئەکرەم سوبەیح، محەمەد ناسر، محەمەد نورەدین، هەیسەم کازم، عەلا عەبدولواحید، حەیدەر عەبدولقادر، فەوزی عەبدولساده، فوئاد جەواد، ئوسامە شەیال، زیاد عەبدولجەبار، عەلا سەتار.

جێی وەبیرهێنانەوەیە ماوەیەک لەمەوپێش گۆڵچی هەولێر سەرهەنگ موحسین بۆ ریزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق وەرگیراوە کە بەشداری لەکۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا بۆ لاوان دەکات کە بریارە لەوڵاتی مالیزیا یارییەکانی بەڕێوەبچێت.

یارییەکانی تۆپی پێی خولی بارزانیی نەمر بەردەوامە

یارییەکانی تۆپی پێی یازدەمین خولی بارزانیی نەمر کە ناوەندی بالای هەولێری (ی.ل.د.ک) سەرپەرشتی دەکات و ئێستاش لە قۆناغی دووەمدایە، سەرکەوتووانە لە گۆڕەپانەکانی بارزانیی نەمرو گوڵان و ئالای کوردستان و بنکەی لاوان بەڕێوە دەچێت ئەمەش ئەنجامی هەندێک لە یارییەکانە:

رزگاری × گەزەنگ (٣ - سفر)، شاسوار × سەرهەنگ (٥ - ٤)، برایەتی × وەفایی (٢ - ١)، رزگاری × پەیام (٢ - سفر)، هەستیار × شالاو (٦ - سفر)، وەرزشی برایەتی × ئاراس (٣ - سفر).

تیروپشکی قۆناغی پێش کۆتایی یانە پلە دووەکان راکێشرا

لەبارەگای ئەنجومەنی بالای وەرزشی کوردستان و بەئامادەبوونی نوێنەرانی شەش یانەی وەرزشی تیروپشک بۆ یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان راکێشرا.

پێنج شەممەی داهاتوو رێکەوتی ٢٠٠٤/٨/١٢ کاتژمێر ٣٠و٥ی پاش نیوەڕۆ یارییەکانی (چوون) بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بەڕێوە دەچێت:

(پێشمەرگەی کوردستان × ئاراس) لەیاریگای مەسیف سەلاحەدین، (هندرین × شێخان) لەیاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری، (هەڵۆ × شەنگار) لەیاریگای رێزان.

شایانی باسە یارییەکانی هاتن لەرۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٧ی ئەم مانگە ئەنجام دەدرێن.

پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی پورتوگال بۆ کۆتاییەکانی ئۆلۆمپیادی ئەسینا ٢٠٠٤

راهێنەری هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی پورتوگال (جۆزیە رۆماو)(١٨) یاریزانی پێکهاتەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بۆ کۆتاییەکانی ئۆلۆمپیادی ئەسینا (٢٠٠٤) وەکو لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە راگەیاند کە یارییەکانی لەماوەی نێوان ١١تا٢٨ ئابی داهاتوو لە ئەسینا بەڕێوەدەچێت.

لەنێو ئەم یاریزانانە چەندین ئەستێرەی وەکو کریستیان رۆنالدۆی ئەستێرەی یۆرۆی ٢٠٠٤ و یاریزانی یانەی مانشستەر یونایتدی ئینگلیزی و مۆریرای گۆڵچی یانەی بەنفیکاو هیلدەر بۆستیگای هێرشبەری یانەی پۆرتۆ بەدی دەکرێن.

شایانی باسە هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی پورتوگال لە گروپی چوارەم لەگەڵ هەڵبژاردەکانی ئۆلۆمپی عێراق و کۆستاریکاو مەغریب یاری دەکات، ئەمەش پێکهاتەی تەواوی یاریزانانی هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی پورتوگالە بۆ کۆتاییەکان.

گۆڵچی: برونۆ فالە (بۆرتۆ)، مۆریرا (بەنفیکا).

هێڵی بەرگری: فریشوت (بۆرتۆ)، فرناندۆمیدا (شتوتگارتی ئەڵمانی)، جۆرج ریبیرۆ (جیل فیسنتی).

هێڵی ناوەڕاست: بۆسینگوا (بۆرتۆ)، رائول میریلیش (بۆرتۆ)، کارلۆس مارتینز (سپۆرتینگ لەشبۆنە)، ماریۆ سێرجیۆ (سپۆرتینگ لەشبۆنە)، هۆگۆفیانا (سپۆرتنیگ لەشبۆنە)، ئیاگۆ (چێلسی ئینگلیزی).

هێڵی هێرشبردن: هیلدەر بۆستیگا (بۆرتۆ)، کریستیان رۆنالدۆ (مان یونایتد)، لویس بوامۆرتی (فولهامی ئینگلیزی)، دانی (سپۆراتینگ لەشبۆنە)، لۆرینسۆ (بیلیننسیش).

چادرگەها دیدەڤانی بۆ کوران و کچان ل دهۆکی دەسپێکر

لە رۆژا شەمبی رێکەوتی ٢٠٠٤/٨/٧ لە باخچا سەیرانگاها مالتا بە هەلکەتنا ئاهەنگین ١٦ی تەباخێ و بە چاودێریا رێزدار بەرپرسی لقی ئێکی (پ.د.ک) چادرگەها دیدەڤانی بۆ پەروەردین سنورێ پارێزگەها دهۆکی هاتە ڤەکرن کو پەروەردێن ینورێ پارێزگەها دهۆکی هاتە ڤەکرن کو پەروەردێن دهۆک و زاخۆ و ئاکرێ و شێخان و ئامێدی سێمێل دەستی پێکر هە می گوتنیا ئەڤرۆ ٢٠٠٤/٨/١١ چادرگەها کوران و بەدوماهی دێت و چادرگەها راپەران دەست پێدکات.

بیست و یەکەمین پێشانگای فۆتۆگرافی وەرزشی (مەحمود هەولێری) لەبارزان

بەبۆنەی بیرەوەری (١٦)ی ئابی پیرۆزو بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی بالای وەرزش لە کوردستان (٢١)مین پێشانگای تایبەتی وەرزشی بۆ هونەرمەندی فۆتۆگراف (مەحمود هەولێری) لە هۆڵی لیژنەی ناوچەی بلێی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکاتەوە جێی وەبیر هێنانەوەیە هونەرمەند گەلێک پێشانگای لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە کە دواترینیان لە وڵاتی عەرەبی سوری بوو.

یارییەکانی تۆپی پێی ئافرەتان بۆ ئۆلۆمپیادی ئەسینای 2004

ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠٠٤/٨/١١ بەر لەدەستپێکردنی مەراسیمی کردنەوەی ئۆلۆمپیاد، یارییەکانی تۆپی پێی ئافرەتان بۆ هەڵبژاردە ئۆلۆمپییەکان دەستپێدەکات.

لەم پاڵەوانیەتیە (١٠) هەڵبژاردە بەشداری دەکەن و بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ (٣) گروپ دابەشکراون:

گروپی A: ژاپۆن، سوید، نایجیریا.

گروپی B: ئەڵمانیا، چین، مەکسیک.

گروپی C: USA، بەڕازیل، ئوسترالیا، یۆنان.

ئەمەش بەرنامەی یارییەکانە (قۆناغی یەکەم):

٨/١١ (سوید × ژاپۆن) (ئەڵمانیا × چین) (یۆنان × USA) (بەڕازیل × ئوسترالیا).

٨/١٤ (ژاپۆن × نایجیریا) (چین × مەکسیک) (یۆنان × ئوسترالیا) (USA × بەڕازیل).

٨/١٧ (سوید × نایجیریا) (ئەڵمانیا × مەکسیک) (یۆنان × بەڕازیل) (USA × ئوسترالیا).

قۆناغی دووەم ٢٠٠٤/٨/٢٠:

١- یەکەمی گ. B × دووەمی گ. A.

٢- یەکەمی گ. C × باشترین سێیەمی گ. A یان B.

٣- دووەمی گ. B × دووەمی گ. C.

٤- یەکەمی گ. A × سێیەمی گ. C.

قۆناغی پێش کۆتایی ٢٠٠٤/٨/٢٣:

براوەی یاری (١) × براوەی یاری (٢)

براوەی یاری (٣) × براوەی یاری (٤).

یاری بۆ سێیەم و چوارەم ٢٠٠٤/٨/٢٦:

دوو دۆڕاوی یاری قۆناغی پێش کۆتایی.

یاری کۆتایی ٢٠٠٤/٨/٢٦:

دوو براوەی یاری قۆناغی پێش کۆتایی.

هەڵبژاردەی ژاپۆن بۆ جاری سێیەم لەمێژوویدا جامی نەتەوەکانی ئاسیا دەباتەوە

شەممەی رابردوو ٢٠٠٤/٨/٧ هەڵبژاردەی تۆپی پێی ژاپۆن بۆ جاری سێیەم لەمێژوویدا جامی سێزدەمین پاڵەوانیەتی نەتەوەکانی ئاسیای بردەوە دوای ئەوەی لەیاری کۆتاییداو لەبەرامبەر زیاتر لە (٦٥) هەزار کەس بەئەنجامی (٣ - ١) گۆڵ لەهەڵبژاردەی چینی وڵاتی رێکخەرو میوانداری پاڵەوانیەتیەکەی بردەوە، ئەنجامی گێمی یەکەمی یارییەکە بەبەرامبەربوونی هەردوو هەڵبژاردە بەگۆڵێک بۆ هەر یەکێکیان بەکۆتا هات، یاریزان تاکاشی فۆکۆنیشی لە دەقیقەی (٢٢)ی یارییەکە گۆڵی یەکەمی ژاپۆنی تۆمارکردوو لە دەقیقەی (٣١) یاریزانی چینی لی مینک گۆڵی بەرامبەری تۆمارکردەوە، لەگێمی دووەمی یارییەکەش هەڵبژاردەی ژاپۆن توانی دوو گۆڵی دیکە لەرێگای یاریزانان کۆجی ناکاتا لەدەقیقەی (٦٥) و کیجی تامادا لەدەقیقەی (٩٠)ی یارییەکە تۆمار بکات و بەم ئەنجامە جامەکەی بەدەست هێنا.

لەلایەکی دیکەوە هەڵبژاردەی ئێران بەبردنەوەی لەهەڵبژاردەی بەحرێن بە ئەنجامی (٤ - ٢) گۆڵ پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.